# کورتە باسێک لەسەر مێژووی شاری هەڵەبجە



د. ڕاژان صلاح عثمان جاف
مامۆستای زانکۆ لەکۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە

هەڵەبجە شارێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستانی عێراق، ئەم شارە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقەوە، نزیکەی ٨٣ کم لەشاری سلێمانی دوورە. ئەم دەڤەرە سنوورێکی بەرفراوانی بەخۆوە گرتووە و ناوچەیەکی کشتوکاڵییە. زۆر لەسەر هەڵەبجە و کارەساتەکانی نووسراوە، منیش وەک هەڵەبجەییەک بە باشم زانی، کە تیشکێک بخەمە سەر خەرمانی زانیارییەکان بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و بیرەوەری خانەوادە هەڵەبجەییەکان بۆ ئاشنابوونی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو لەسەر مێژووی دروستبوونی ئەم شارە ستەم دیدەیە.

سەرەتای دروست بوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ (٤٨٠٠) ساڵ پێش زایین، کە ئەکەدییەکان بە سەرۆکایەتی (سارگۆن)ی ئەکەدی هێرشێکی بەرفراوان دەکەنە سەر هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان داگیری دەکەن و دەست بەسەر سنوورەکەدا دەگرن، کە ئەو سەردەمە بە هەڵەبجە دەگوترا (هارهار)، دواتر گۆڕا بۆ (کارشا روکتن) واتا شاری سارگۆن پاشان لە ساڵی (٨٢٦ پ.ن) جارێکی تر ئەم شارە دەکەوێتە بەر هێرشی ئاشوورییەکان، کە بە هێزێکی گەورەی بەرفراوان هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و شارەزووریان داگیرکرد، پاشان بە ناوی (کارخی) ناوی دەرکرد. هەرچەندە سەرچاوەکان ناوی هەڵەبجە بەچەند شێوەیەک باس دەکەن لەوانە: دەگێڕنەوە و دەڵێن لە (هالۆچا) هاتووە دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووە بە هەڵەبجە، هەندێکی دیکە دەگێڕنەوە، کە هەڵۆخان فەرمانڕەوای ئەردەلانییەکان ئاوەدانی کردۆتەوە دواتر ناوی شارەکەی لەسەر خۆی ناو ناوە (هەڵۆچە)، هەندێکی دیکە دەڵێن جێگەی ڕاوشکاری هەڵۆ بووە، کە هەڵۆی تێدا بووە پێیان ووتوە (هەڵۆچە)، هەندێکی دیکە پێیان وایە لە پیت و بەرەکەتی زەوییەکەی ئەو سنورە پێیان ووتوە (عجب جا) واتای جێی سەرسوڕهێنەرە، دواتر گۆڕدراوە بۆ هەڵەبجە، بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێت ئاو و هەوای ناوچەی هەڵەبجە زۆر لە حەلەبی سووریا چووە ئەو کاتەی بازرگانەکان لە کرماشانەوە بۆ حەلەب چوون درکیان بەو

